www.kurdistannet.org

# هاوارنامەیەك
# لە
# کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالەوە

**بۆ هەموو حیزب و ناوەندە کوردستانییەکان**

**سلاوی شۆڕشگێڕانە**

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم داخوازییە ڕەوایانەدا خەبات دەکات :

- لەسەر ئاستی جیهان بە جینۆساید ناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال .
- دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی عێراق وەك تاوانکارانی جەنگ .
- ناچارکردنی ئەو کارگە بیانیانەی بۆ دروستکردنی چەکی کۆکوژی یارمەتی ڕژێمی عێراقیان داوە ، قەرەبووی کەسووکاری قوربانیەکان بدەنەوە .

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە پێویستیمان بە کۆمەك و پشتگیری ئێوە هەیە .

تکایە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی هەڵەبجە و بۆ ئەوەی گوڕێك بە دادگایی کردنی نەزار خەزرەجی بدرێ ، داوا لە ئەندامان و هەوادارانی ئەورووپانشینی خۆتان بکەن ، شەممە ٢٠٠٢/٣/١٦ سەعات دووی پاشنیوەڕۆ لە پایتەختی دانیمارك ، لە گۆڕەپانی (RADHUSPLADS) لەبەردەم تەلاری شارەوانیی کۆپنهاگندا ، ئامادە بن .

**تکایە بەشداری لە چالاکیەکانی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالدا لە هەر شوێنێك ئەنجام بدرێن ، بکەن .**

بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاوکاریتانین .

**کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال**

٢٠٠٢/٢/٢٦

e-mail: halabja_anfalcampaing@hotmail.com